کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-11-2007 22:33 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری کارەبای حکومەتی هەرێم... هاوتا هەولێری

بەڕێز جەنابی وەزیر... سڵاو ببوورە کەبە جەنابی وەزیر ناوت دەهێنم چونکە ئەگەر کەسێك شیاوی وەزیر بێت دەبێت بەجوانی و ڕێك وپێکی کارەکانی بەڕێوەبەرێت و گرفت بۆ هاوڵاتیان دروست نەکات، لەوەتەی تۆبوویتە وەزیری کارەبا بەیەکجارەکی ماڵەکانمان ڕووناکییان لێبراوە و بۆتە تاریکەشەو!!!! جەنابی وەزیر تۆ چەندین جار لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکانت ئاماژەت بەچاکبوونی ڕەوشی کارەبا داوەو، ڕات گەیاندووە کەکێشەیەك نامێنێت بەناوی کێشەی کارەباوە!!!!! بەڵام هیچ شتێك لەوتەکانت نەهاتنە جێ و بوونە بلقی سەرئاو... دەزانی بۆ؟؟؟ چونکە هەرهەمووی قسەی سەرزارەکیی بوون و هیچی تر.... بۆیە تکات لێدەکەم ئەمجارەیان لەم جۆرە لێدوانە بێ مانا و فشۆڵانە خۆت دووربگرە و، لێدوانی لەم شێوەیە لەسەرزاری تۆ دەرنەچێت، چونکە ماوەی زیاتر لەشانزە ساڵە خۆت و حکومەتەبەناوساواکەت گاڵتە بەچارەنووسی ئەم میللەتە خێرنەدیوە دەکەن و زیاتر لەشانزە ساڵە تەنها قسەی بێ مانا بەگوێی ئەم میللەتە دەچرپێنن!!!! جەنابی وەزیر دەزانی شەوی ڕابردوو لەماوەی دوانزە خولەکدا شەش جار کارەبالەسەر ئەم میللەتە بڕا؟؟؟ ئایا کارەباکەی ماڵی جەنابتانیش بەم شێوەیە بوو؟؟؟؟ یانیش جەنابیشت وەك باقی وەزیرەکانی تر بۆماوەی بیست و چوار کاتژمێر بەدیارڕۆشنایی و گەرمی سپلیتەکان شەووڕۆژ بەڕێ دەکەن؟؟!!! چونکە ئەوەی ڕەحم و بەزەیی بێت لەدڵی ئێوەڕەگی دانەکوتاوە... ئایا ئەمەیان گاڵتەکردن نییە بەچارەنووسی ئەم میللەتە؟؟؟ ناهەقتان ناگرم جەنابی وەزیر چونکە ئەو میللەتەوەك بڵێی گۆشتی بەرازی دەرخواردراوە و ئەوەی بەبیر و هۆشی دانێت خۆپیشاندان و ڕاپەڕینێکی سەرتاسەرییە لەدژی نەبوونی کارەبا... میللەتتان بەهەمووشتێك ڕازی کردووە وەك بڵێی هەموو مانگانەیەك لەبری کارەبا و خۆشگوزەرانی و ئازووقە (کاو جۆ) ی پێبدەی ناڕازی نابێت!!!! کەبێگومان ئەو دەردەیان لەئێوەوە بۆماوەتەوە... چونکەئێوەش بەهەمووشتێك ڕازین لەپێناو وەرگرتنی پارە و دەرماڵەی مانگانەتان بۆ موەلیدە زلەکانی بەردەرگای ماڵەکەتان... خۆزگە دەمبینی تۆش وەك ئەم میللەتە بۆماوەی نیو کاتژمێرێك لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانت بەدیار تاریکی و نەبوونی کارەبا دابنیشن دەزانی بۆ؟؟؟ تاوەکو دەتزانی دەردی بێ کارەبایی چەندە ناخۆش و گرانە!!!! بەڵام مخابن ئەم شتانە لەتۆ ناوەشێتەوە چونکە تۆ وەزیریت!!!! ئەی جەنابی بەناو وەزیر لەبیرتە ساڵی ڕابردوو بۆ ماوەی دە خولەك کارەبا لەئەمریکا بڕا و دەستبەجێ سەرۆك بۆش لەسەرشاشەی تەلەفزیۆن لەلێدوانێکیدا زۆر داوای لێبووردنی لەهاوڵاتیان کرد؟؟؟؟ ئایا مانگی جارێك جەنابیشت لەڕووی نایەت بێتە سەرشاشەی تەلەفزیۆن و داوای لێبووردن لەمیللەت بکەیت؟؟؟ بۆدواجار پێت دەڵێم بابەس بێت یاریکردن بەچارەنووسی ئەم میللەتە... بابەس بێت قسە و لێدوانی شاخدار... بەسە ئیتر وازبێنە و دەست لەکاربکێشەرەوە... تاوەکو بڵێن وەزیرێك لەکابینەی پێنجی حکومەت بەرژەوەندی میللەتی خستە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆی و دەستی لەکارکێشایەوە... کەبێگومان لەمێژووش دەنووسرێتەوە و تاهەتایە دەبێتە پەند و عیبرەت بۆ هەموو وەزیرێکی خۆویست و جەندرمە....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.